کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:50 15-6-2007

## ئەگەر هێرشەکانی 11ی سیبتیمبەر نەبوایە، ژمارەی موسڵمانان لە جیهاندا ئەوەندەونیوێکی ژمارەی ئێستا دەبوو ... مەریوان نەقشبەندی

هەولێر

بەپێی راپۆرتێك كە لە سایتی نوسینگەی دەرەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا بڵاوكراوەتەوە، پێش روداوەكانی 11ی سیبتیمبەری ساڵی 2001 ئاینی خەڵكی لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا موسڵمان دەبوون و قبوڵكردنی ئاینی ئیسلام لە جیهاندا بەرادەیەك لە فراوانبوون و گەشەكردندابوو كە ئەگەر ئەو روداوانە نەبوایە ئێستا ژمارەی موسڵمانانی سەر رووی زەوی ئەوەندەونیوێكی ژمارەی ئێستا دەبوو، راپۆرتە ئەمریكیەكە پشتی بەكۆمەڵێك لێكۆڵینەوە و ئامار و روپێوی بەستوە كە لەناوەوە و دەرەوەی ئەمریكا ئەنجام دراوە و تیایدا ئاماژە بۆ زیادبوونی ژمارەی موسڵمانان لەوڵاتانی غەیرە ئیسلامی دەكات و وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكاش بەنمونە دێنێتەوە كە ئێستا (1209) مزگەوتی تێدایە و نیوەی ئەو ژمارەیە لەنێوان ساڵەكانی (1985 – 2000) دروست كراون، لەئەوروپاش گەشەكردنی ئاینی ئیسلام و ژمارەی ئەو كەسانەی كە موسڵمان بوون و ژمارەی مزگەوتەكان كە لەهەمان ماوەدا لە وڵاتانی ئەوروپا دروست كراون زۆر لەو رێژەیەی ئەمریكا زیاترە و ئەوەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە كە ئەوروپا لەجیهانی ئیسلامیەوە نزیكە و تێكەڵاوبوونی گەلانی ئەوروپا و موسڵمانانی رۆژهەڵاتی ناوەراست زیاتر بوە لە تێكەڵاوی نێوان ئەمریكا و جیهانی ئیسلامی، بەڵام راپۆرتەكە ئاماژە بە كەمبوونەوەی بەرچاوی دروستكردنی مزگەوت و هاتوچۆی مزگەوتەكان لەدوای (11یسێپتێمبەر) دەكات و دەڵێت لەدوای هێرشەكانی 11ی سیپتێمبەری ئەمریكا هەتا كۆتایی ساڵی رابردوو واتە (2006) تەنها (19) مزگەوت لە ئەمریكا دروست كراوە و ژمارەی ئەوكەسانەش كە لەناو ئەمریكا موسڵمان بوون ئێجگار كەم بۆتەوە و تەنانەت هەندێك لەوانەی موسڵمانیش بوون ئامادەنین لەبەردەم كەناڵەكانی راگەیاندن و دامودەزگا حكومی و رێكخراوە غەیرە حكومیەكاندا ئیسلامەتی خۆیان ئاشكرا بكەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.